بە ناوی کوردستانی گەورە !

# هۆمێۆپاتی (HOMEOPATHY) کوردستان

ح. س. سۆران
soran909@hotmail.Com

موداوای هۆمێۆپاتی، چەشنە دەرمانێکە، کە ناهنمان (Nahnemann)، زانای ئەلمانی (١٨٤٣ - ١٧٥٥)، لە شاری لایپتزیک بە خەڵکی ناساند. لەم چەشنە موداوایەدا، پزیشک لەپاش ناسینی نەخۆشیەکە، هەر بە خودی ئامرازەکانی وێنەی ئەو نەخۆشیە، دەردەکان دەرمان دەکا و چاکیان دەکاتەوە. ئەمە کورتەیەک لە باسی هۆمێۆپاتی بو، لە بەستێنی پزیشکیدا (بەو چەشنە کە لە کتێبی لاڕووسی پزیشکی زمانی فەڕانسە دانووسراوە).

بەڵام هەر وەک لە تابلۆموزیکالی دەدرە کورد دا عەرزم کردوون - ڕەنگە زۆر لە سەروەرانیش خوێندبێتیانەوە، دەردە کورد دەردێکی گشتی تایبەتە، کە وەک پەتا لە تەواوی کوردستانی گەورە بڵاو بوەتەوە. بەڵام، لە زوربەی ناوچەکانی کوردستان، نەیارانی کورد، بە کەڵکوەرگرتن لە دەرمانی چەشنی هۆمێۆپاتی، هەوڵدەدەن بە چەشنی فیچەڵفاچ، ئەم دەردە کوردە، بە لەونی کاتی مداوا بکەن و وەک شتێکی ئارامبەخش لە هۆمێۆپاتی کەڵک وەربگرن - کە دەزانین زۆر جار، دەرمانە ئارامبەخشە کان، زەرەریان بۆ نەخوش، لە خودی نەخۆشیەکە زیادترە و ڕەنگە تەواوی سی پەلاکی نەخوش لەکار بخەن.

ئێستا وەک وێنەو مشتێک لە گشتێک، هێندێک لەو دەرمانانەتان پێ دەناسێنم، کە بە چەشنی هۆمێۆ پاتی، لە برێک لە ناوچەکانی کوردستانی گەورە بەکادەبرێن :

١- بڵاو کردنەوەی شتی بەناو زمانناسی کورد ی، بۆ شێواندنی ئەم زمانە.

٢- دەرخستنی هەواڵنامە، بۆ شێواندنی ڕاستەقینەکان.

٣- ناساندنی ناودارنی کورد، بۆ ئاڵۆزکردنی باسە کە و بێناوکردنی ناوداران.

٤- ناساندنی وێژەی کورد، بۆ شیواندنی وێژەی ڕەسەنی کوردی و ناساندنی وێژەیە ک، کە بۆخۆیاشیان هەر قەبووڵیان نیە.

٥- دانانی نوێنەر، بۆ وسکوتکردنی نوێنەرانی ڕاستی.

٦- زۆر خاڵی دیکەش.

بە کورتی و بە کوردی لە قەدیمەوە وتویانە، ئەگەر باوەژن ماچیشت بکا، بەدەم ماچەکەوە گازت لێدەگرێ ! ؟. دیارە لە بنەماڵەکاندا، باوەژنی واش هەیە، کە بۆ باشی وەک دایک وایە، بەڵام باوەژنی کورد چی ؟

تێبنی : لە نووسینی ئەم کورتە باسە دا، مەبەستم هیچ کەسێک و هیچ نووسرا وە و ڕێکخراوەیەکی تایبەت نیە، بەڵکە وەک مەسەلەیەکی ڕاستەقینەی سەمبۆلیکی گشتی، نووسراوەکەم پێشکەشم کردوە، تا هەموومان، بە وردی وریای ئەم مەترسیە بین.

جارێ، هەر ئەوەندە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.